## راشکاوانە لەگەڵ (عەبدوڵڵای موهتەدی):

# شەفافییەت لە سیاسەتی کوردیدا زۆر کەمە، بۆیە پێموایە تا ئەو شەفافیەتە نەبێ، کۆمەڵگە بە باشی پەروەردە نابێ و تێناگات لە وەزعی خۆی

رۆژنامەی(جەماوەر) وەک بەشێک لە کارەکانی بۆ کۆکردنەوەی دەرگای دانووستان و دیالۆگ، ناو بە ناو هەڵدەستێت بە رێکخستنی دیالۆگێک لەگەڵ کەسێکی سیاسەتمەدار و بیرمەند، بە مەبەستی ئاشنابوون بە روانگە جیاوازەکان و تێگەیشتنێکی سیاسییانە و مەدەنیانە لەو پرس و دۆز و ئەو کێشانەی دەرگیری میللەتی کورد بووە، لەو پێودانگەوە ئەمجارەیان هەستاین گەشتمان بۆ زرگوێز کرد کە بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشی کوردستانی ئێرانی لێیە و لەوێدا چاومان کەوت بە سەرۆکی ئەو رێکخراوە و دیالۆگێکی سیاسی و هزری و دەوڵەمەندمان لەگەڵدا سازدا، بێگومان بەرێز(عەبدوڵڵای موهتەدی) ناوێکی ئاشنایە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی دووبارە شوناسی بکەینەوە. بە ئومێدین جێگەی سوود و قازانجی کۆمەڵگەکەمان بێت.

**جەماوەر-زرگوێز**

## بەشی دووەم

**عەبدوڵای موهتەدی:** من پێم وایە کوردستان چ بە گشتی کۆمەڵگای کوردی، وە چ سیاسەتی کوردی و حزبە کوردییەکان بەتایبەت، من زۆر لەبارتریان دەبینم بۆ گۆڕان و چاکسازی بۆ پێشەوە تا فەلەستینییەکان. من فەلەستین بە کۆمەڵگایەکی داخراوتر دەبینم، کۆمەڵگەی کوردی بە بڕوای من زیاتر لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسی سەردەم توانیوێتی خۆی بگونجێنێ، ئەوەشی نەک تەنیا لە ئاستی کۆمەڵێک رۆشنبیری نوخبەدا، بەڵکوو جەماوەر ئاسانتر دەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەوانە بگونجێنێ، لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسی، لەگەڵ سەردەمی نوێ، بە بڕوای من چاکتر دەتوانێ خۆی بگونجێنێ. ئیسلامی توندڕەوی سیاسی، ئەو پێگە گەورەیەی لە فەلەستین هەیەتی، ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لەوێ هەیەتی، لە کوردستان نییەتی. بە هەموو ئەم حیسابانە، پێموایە لە ئاستی کۆمەڵگا، لە ئاستی رۆشنبیران، لە ئاستی سیاسەت و رەوتە سیاسییەکان، من کوردستان زۆرتر بە لەبارتر دەبینم بۆ گۆڕانێکی باش و ئیجابی، بۆ چاکسازی تا فەلەستین. دیارە ئەوانیش هەر دەبێ هەوڵی خۆیان بدەن و هەر دەبێ هەوڵەکە بدرێت.

**لوقمان محەمەد:** ئەمە لەباری بەراوردکردنەوە، لەباری پراکتیکەوە.

**عەبدوڵای موهتەدی:** لەباری ئەوەی چی بکرێت، من بەراستی رێیەکی ترم پێ شک نایەت غەیری دیموکراتیزەکردنی کوردستان، چەند شت دەبێ ببن لێرە...

**لوقمان محەمەد:** داوای لێبوردن دەکەم کە پێشت دەبڕم، دوێنێ لە وۆرک شوپێک بووم، لەسەر چۆنێتی نەهێشتنی توندوتیژی لە ناو هەڵبژاردنەکاندا، ناوچەی کوردی تاکە ناوچەیەکە لە هەموو لیستی هەڵبژاردنەکانی عیراق لە لیستی ڕەشدایە بە هۆی تەزویرەوە، یانی ئەمە جوان نییە، خۆش نییە بۆ ئێمە، ئێمە چی بکەین، خەڵک بە ئازادانەی خۆی بچێت دەنگ بەو شوێنانە بدا، کە ئەوی دەوێ، چۆن ئێمە بتوانین لەو لیستە رەشە بێینە دەرەوە و بچینە لیستێکی سپییەوە، یانی بە قەولی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یو ئێن و ئەمەریکییەکان گوتوویانە کاکە عەیبە بۆ ئێوە، چواردە ساڵە ئێوە بە ئێمە دەڵێن، ئێمە دیموکراتین، کەچی لە هەڵبژاردندا لە هەموو عیراق خراپتر تەزویر دەکەن.. ئێمە چی بکەین، مەسەلەن هەموومان بە یەکەوە تەرحێک نەکەین کە لەگەڵ یەکدا دانیشین، کە چ موشکیلە، چ کێشە هەیە با بێین ئیشی لەسەر بکەین، نوخبە، موسەقەف، حزبی، سیاسی، خەڵک، ئەوانەی دڵسۆزن بۆ ئەم خەڵکە، بۆ ئەم وڵاتە، یانی من بە راستی، حەز دەکەم بزانم هەنگاوی پراکتیک چ بکرێ، چۆن بکرێ، پراکتیزەکردنی دیموکراسی، هەنگاوەکان چییە؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** پێموایە، یەکێکیان شەفافییەتە، من موشکیلەیەکی گەورە لەوەدا دەبینم، شەفافییەت لە سیاسەتی کوردیدا زۆر کەمە، بۆیە پێموایە تا ئەو شەفافیەتە نەبێ، کۆمەڵگە بە باشی پەروەردە نابێ و تێناگا لە وەزعی خۆی. هەر ئەو شتەی کە ئێستا باسی دەکەی، کە تەزویر کراوە هەقە لەسەری بنووسرێ، ئەوە عەیب نییە کە ئینسان عەیبەکانی خۆی بزانێ، عەیب ئەوەیە بیپۆشی و چارەسەری نەکا. بە شەرتێک ئیرادە بۆ چارەسەرکردنیان هەبێ، من هەر بەراستی پێموایە کۆمەڵگەی کوردی زۆر ئامادەیی چاکی هەیە بۆ گۆڕانی وا، هەر بۆیە دەڵێم زۆر حەیفە ئەو گۆڕانە نەکات. ئەم شەفافییەتە دەبێ هەبێ، دیارە شەفافییەت من بەجیاوازی دادەنێم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و قسەی پڕوپوچ و شکاندنی ئەم و ئەو، من لایەنگری رۆژنامەنووسییەک و میدیایەکی مەسئول، لێکۆڵەرەوە و رەخنەگرم، شتێک هەیە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن: Investigative Journalism یانی ژورنالیزمی لێکۆڵەرەوە، ژورنالیزمێک کەتا بنجوبناوانی شتەکان دەچێت، راستییەکان دەردەخات.. ئەمە دەبێ ببێ لە میدیای کوردیدا و لە رۆژنامەگەری کوردیدا کە مەبەستی خۆشویستن و ناخۆشویستن نییە، مەبەستی بەراستی ئەوەیە کە راستییەکان بە کۆمەڵگەی خۆی بناسێنێ، تەرحەکان بە زانستی بخاتە روو، لە کێشەکان بکۆڵێتەوە و هەتا بنجوبناوانیان بچێ، بەڵام هیچ شتێکی تر، هیچ مەبەستێکی تری غەیری خزمەت بە دەرخستنی راستییەکان نەبێ. زۆر جار خۆ گەندەڵی هەیە، بەداخەوە ئەمە بەشێک لە واقیعیەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانە، بەڵام جاری وایە زیاتر لە گەندەڵییەکەش، دەنگۆی گەندەڵی هەیە. خۆ شەرت نییە رۆژنامەنوسی، من رۆژنامەنووسییەکی باش بەوە دانانێم کە لەسەر هەموو شتێکیش هەرایەک سازبکات، بۆیە دەڵێم، دەبێ مەسئول وە لێکۆڵەرەوەیەکی راستەقینە بێ، من ئەو شەفافییەتە بە گرنگ دەزانم. هەروەها دامەزراندنی قانون و یاسا، زۆر زۆر بە گرنگ دەزانم، ئەوەی کە یاسایەک هەبێ، دیارە ئەو یاسادانانە هەر لە دەستوورە دەبێ دەست پێ بکا، من پێم وایە دەستوری کوردستان، بە هیچ جۆر نابێ ئەو کەموکورتییانەی تێدابێ و ئەو لایەنە نادیموکراتییانەی تێدابێ کە لە دەستووری عیراقدا هەن. راستە کورد هەوڵی خۆی دا، من قسەم لەسەر ئەوە نییە، کورد هەوڵی خۆی دا، بەڵام خۆ ناتوانێ بە زۆر هەموو عیراق بکاتە عیلمانی، بەڵام با خۆی، خۆی بکاتە عیلمانی.

**لوقمان محەمەد:** ئینجا من لێرەیا بە راستی شتێکم بە بیر هاتەوە، جاران دوو ئەڵمانیا هەبوو، ئەڵمانیای دیموکراتیک و ئەڵمانیای فیدراڵ، من دەڵێم یانی ئێمەی کورد با خۆمان بە ئەڵمانیای فیدراڵ بزانین و ناوچەی ناوەڕاست و خوارەوە بە ئەڵمانیای دیموکراتیک بزانین، ئێمە دەبێ بچینە ناو ئەو ململانێیە کە چۆن بتوانین ببینە ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەڵمانیای دیموکراتیک کێشکەین بۆ خۆمان، یانی ئەڵمانیای فیدراڵ بۆ سەرکەوت، ئازادانەتر بوو، ئازادی رۆژنامەگەری هەبوو، ئازادی خۆپێشاندانی هەبوو، ئازادی بیرورا هەبوو، مافی مرۆڤ تیایدا گەرچی پێشێل دەکرا، بەڵام ئاشکرا دەبوو، یانی بە نهێنی خەڵک سەرونگوم نەدەکرا، من هەست دەکەم گەر ئێمە بمانەوێت گرەوەکە ببەینەوە وەکو کورد، ئەبێ تەعامولمان لەگەڵ دەوروبەرەکەمان، وەکو ئەڵمانیای فیدراڵ بێت لە چاو ئەڵمانیای دیموکراتیک، من وا هەست دەکەم، تۆ لەو روانگەیەوە چۆن بۆی دەچێت؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** بێگومان، یانی لە بواری ئازادییەکان کە ئەوە زۆر مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام نەک تەنیا ئازادیش، سەرجەم ئەگەر کوردستان وەکو کۆمەڵگایەک بیەوێت کاریگەری باشی هەبێ بۆ دەوروبەری خۆی، جا با بڵێین بۆ بەشە عەرەبییەکەی عیراق و من واوەتریش دەچم بۆ بەشەکانی تری کوردستان و بۆ هەموو کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆی، دەبێ نیزامێکی

## دیالۆگ هێشتا زۆر نییە لە کوردیدا، یانی دەنگۆ و قسەو باسی پێچ و پەنایان زۆرترە لە دیالۆگێکی شەفاف لە ئاستی کۆمەڵگەدا

باڵاتری کۆمەڵایەتی، قانونی، سیاسی و رۆشنبیری هەبێ. هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێ کاریگەری موسبەت و ئیجابی هەبێ ئەگەر نیزامێکی باڵاتر نەبێ و ئەگەر مۆدێلێکی باڵاتر، یانی بە دانپیادانانی هەمووان مۆدێلێکی باڵاتر لە دەسەڵات، لە سیاسەت، لە دیموکراسی و..هتد، پێشکەش نەکا، بۆیە من کلیلەکەی بە گۆڕانی ناوخۆیی دەزانم، دەبێ تۆ مۆدێلێکی چاکتر بی تا کاریگەریت هەبێ، هەر بۆیە لێرە پێم وایە بە هیچ جۆرێک نابێ بچیتە ژێر تەئسیری ئەو خاڵانەی دەستووری عێراق، خۆ خاڵی باشیشی تێدایە، بەڵام نابێ بچیتە ژێر باری ئەو لایەنانەی کە تۆ لە بەغدا هەوڵت بۆ داو سەرنەکەوتی، لە بەغدا نەتتوانی، قەیناکە لە هەولێر بیکە، تۆ لە دەستووری پەرلەمانی کوردستاندا دەستوورێکی بە راستی دیموکراتیک، وە ئەوڕۆیی و هی سەردەم بێنە ئاراوە. بە شوێنیشیدا زۆر قانونی کۆنی سەردەمی بەعس هەیە، ئەوانەش هەمووی پێداچوونەوەیان دەوێ. کوردستان پێش هەموو شتێک دەبێ لە باری ئاساییەوە خۆی بکاتە

کۆمەڵگەیەکی ئەمڕۆیی، کە هەموو دنیا بڵێن ئەگەر ئاوەها ئیدارە بکرێ زۆر باشە، ئەمجا دەبێ ئەمانە پیادەکا، بچییە سەر پراکتیزەکردنیشیان، وە لەم بوارەدا تا خەریکی ئەو کارانە دەکەی دەبێ لە هەموویدا شەفافیەتێکی باشیش هەبێ. دیالۆگ هێشتا زۆر نییە لە کوردیدا، یانی دەنگۆ و قسەو باسی پێچ و پەنایان زۆرترە لە دیالۆگێکی شەفاف لە ئاستی کۆمەڵگەدا...

**لوقمان محەمەد:** با کەمێک بێینەوە سەر کوردستانی رۆژهەڵات، ئاراستە بەو پرسیار و وەڵامەی پێشوو، لە کوردستانی عیراق، یا لە کوردستانی باشووردا، لە پڕا تووشی دۆخێک بووین، کە دەبوایە ئیتر ئیدارە ساز بدرێت، دۆخێکی نێودەوڵەتی هاتە کایەوە، جەنگی ئازادکردنی کوێت هاتە کایەوە، حکومەتی بەعس پاشەکشێی لە ناوچەی کوردستاندا کرد، لە ژێر فشاری خەڵک و هێزی پێشمەرگە و لەگەڵ فشارێکی نێودەوڵەتی، ئێمە رووگیری ئیدارەیەک بووین کە خۆمان بۆ ساز نەدابوو پێشتر، کە خۆمان بۆ ساز نەدابوو، هەڵبەتە خەتای دەسەڵاتی سیاسی و حزبە کوردییەکانی خۆمانە، کە نەیانتوانی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکی وا یا بۆ رووداوێکی وا ساز بدەن کە ئەگەر هاتوو بەیانی کوردستان پارچەیەکی ئازاد بوو، کەوتە سەر دروستکردنی ئیدارەی مەدەنی لەو شوێنە، چ دەکا، ئێوە ئێستا کە لە کورەی خەباتان و ئەگەری ئەوەش هەیە، گۆڕانکارییەکی نێودەوڵەتی هاوچەشنی ئەوەی، کە لە کوردستانی عیراقدا رووی دا، بێتە ئاراوە لە ئێرانا، ئێوە چ ساز و ئامادەیی تەداروکاتێکتان دروست کردووە کە سبەی رۆژێ ئەگەر نەوعە ئازادییەک، جۆرێک لە سەربەخۆیی، جۆرێک لە مەسائیلێکی ئازادی و سەربەخۆیی هاتە ئاراوە لە کوردستانی ئێرانا، ئێوە چ ئامادەسازییەکتان کردووە، کەچۆنە ئەوێ تووشی ئەو دۆشدامانە نەبن، کەئێستا دەسەڵاتی کوردی و ئەحزابی کوردی لە ناو عیراقدا، دوای چواردە ساڵیشە تووشی ئەو گۆشەگیری و دۆشدامان و شەلەلە ئیدارییە بوون، یانی ئێوە وەکو ئەحزابی کوردی لە ناو ئێرانا، وەکو ئەحزابێکی موتەمەدین ئاراستە بە حزبە موتەمەدینەکانی ناو ئێران، ئێوە چ نوقتە نەزەرێک، پلاتفورمێک، تیۆرێکی ئیش و کارتان هەیە بۆ سبەی ئەگەر چوونە سەر ئەوەی شتێکتان کرد بە خەباتی خۆتان، یا پرۆسەیەکی نێودەوڵەتی ئەو هەلەی بۆ فەراهەم کردن کە کورد لەوێ بتوانێ شتێک بکات، ئێوە چ شتێکتان حازر کردووە کە لەوێ بە بەتاڵی نەچنە سەر حازری، شتی خۆتان هەبێ تووشی ئەو دۆخە نەبن کە لە کوردستانی عیراقا رووی داوە ئێستا؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** وەختی خۆی کە ساڵی ١٩٧٨–١٩٧٩ لە ئێرانا ئەو شۆڕشە کرا و رژێمی پاشایەتی لاچوو، حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتە سەر کار، لەو پرۆسەیەدا وا بزانم هەڵەیەک کرا، هەڵەیەکی کە سەرچاوەکەی لە بێ تەجروبەیی دابوو و، رەنگبێ هەروەکو تۆ باست کرد لە کوردستانی ئێرانیش ئێمە لە پڕدا لەگەڵ رووداوی ئاوا رووبەڕوو بووینەوە، ئەویش ئەوە بوو کە دەسەڵاتێکی کوردی قانونی دانەمەزراو هەوڵی بۆ نەدرا دامەزرێ، دیارە مەجالیش زۆر کەم بوو، وەکو کوردستانی باشوور نەبوو کە ئەو چواردە ساڵە لە دوای جەنگی کەنداو، لەدوای راپەڕینەکەوە، تا ئێستا کورد تووشی هێرشێکی ئاوا نەبووەتەوە و توانیبێتی لە ئەمن و ئاسایشدا بژی، ئەوەندە نەبوو بۆ کوردی ئێران، ئەو سەردەمە بە هەموویەوە چەند مانگێک یان ئەوسەرەکەی ساڵێک و ساڵ و نیوێک بوو، زوو تەواو بوو. بەڵام بەوەشەوە دەبێ دەرسێکی لێ وەرگرین، بە بڕوای من دەرسەکەی ئەوەیە کە ئەمجارە دەبێ لە ئەوەل فرسەتی مومکیندا هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی قانونی کوردی



لەسەر ئاسەری کوردستانی ئێران و خۆی وەکو ئەمری واقیع لە ئێراندا بسەپێنێ وە ئەو بێت کە بەرەوڕوو بێت لەگەڵ حکومەت و ئەو بێ کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گفتوگۆ دەکات و هەر جۆرە پێکهاتنێکی کە بە مەسڵەحەتی بزانێ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی ئێران دەیکا. هەروەها لەگەڵ دنیاش، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دنیا بە بڕوای من دەبێ هی ئەو دەسەڵاتە بێ تا هی حزبەکان، جا دیارە حزبەکان دەورێکی باڵایان دەبێ، ئەوەش شتێکی ئاساییە و جێی خۆیەتی و دەورێکی باڵایان دەبێ لە خستنەڕێ و خستنەگەڕی ئەم پرۆژەیە.بەڵام چۆن ئەگەین بەوە، چۆن ئەگەین بەوەها شتێک؟ بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی سیاسی ئەم سێ دەیەی رابردووی کوردستانی ئێران، مێژووی خەباتی سیاسییەکەی، لە راستیدا پێویستی هەیە بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کە بتوانێ هەم نێوانی حزبەکان و هێزە سیاسییەکان لەناوخۆدا تەنزیم بکا و رێکیان بخاو، مەوازینی دیموکراتیک بۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتری دیاری بکا، هەم موقەدەماتی هەڵبژاردن ساز بدا لە کوردستان، وە تا پێش ئەو هەڵبژاردنەش حکومەتێکی کاتی لە کوردستان دابمەزرێنێ. من لەو بڕوایەدام لە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیدا دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ، ئێمە نابێ مەحتەلی تاران بین، ئەبێ ئێمە ئیشی خۆمان کردبێ، جا بە ئامادەییەوە لەگەڵ تاران بەرەو روو بینەوە.

**لوقمان محەمەد:** کاک عەبدوڵا، یانی ئێستا بەرنامەیەک، تیۆرێکی سیاسیتان هەیە کە ئەو شتانەتان گەڵاڵە کردبێ، مەسەلەن تەقدیمی یو ئێن کردبێ، پێشکەشتان کردبێ بەلایەنی پەیوەست بەو شتانەوە کردبێ، لە مەسەلەی بەیانی ئەگەر ئیش لەسەر ئەوە کرا، ئەوان بێن قسە لەسەر ئەو شتانە بکەن؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** ئێمە هیچ شتێکمان تەقدیمی یو ئێن نەکردووە، بەڵام خۆمان بەرنامەمان هەیە بۆ ناو خۆی کوردستان، پێم وانییە ئەوە بەرنامەیەکی کامڵ بێت هێشتاش، بۆیە هەر زۆر لە نێو خۆشماندا، موناقەشە و لێکۆڵینەوەیە کە ئێمە دەبێ گەڵاڵەیەکی دەقیقتر و وردترمان هەبێ بۆ داهاتووی کوردستان، بۆ ئیدارەکەی. حاڵی حازر هێشتا شتێکی ئاوەها کە بە دیققەت و وردبێت نیمانە، بەڵام لەو بڕوایەدام سەرخەتەکانی ئەو بەرنامەیە لە پەسەندکراوەکانی تا ئێستای کۆمەڵەدا، کە لە کۆنگرەی نۆ و دە پەسەند کراون، سەرخەتەکانی هەیە، یانی تۆ ئاسۆیەکت بۆ روون کراوەتەوە.

**لوقمان محەمەد:** من هەندێک ئەزموونم خوێندۆتەوە، مەسەلەن وەختی خۆی (ماو) کە شۆڕشەکەی کرد کە دەچوویە هەر گوندێکەوە ئیدارەی دادەمەزراند، گەر زۆر بە یەکە یەکەی بچووکیش بێت، ئیدارەی دائەمەزراند مەکتەبی دادەنا، سککەی پارەی لێ ئەدا کە گوندێکی بە دەستەوە بوو، یانی ئەو شتەی کە ئەو کردی کە چوویە هەر شوێنێکەوە، یەکسەر بە سروشتی شتەکانی خۆی و کەناڵەکانی دەچوویە پێشەوە و هیچ کێشەیەکیش دروست نەدەبوو، بەڵام کە سەیری ئەزمونی خۆمان دەکەین کە هاتنە سەر دەسەڵاتەکە هیچ شتێکیان ئامادە و ساز نەبوو، کێشەکە لەوەدایە ئێستاش هەنگاو بۆ ئەو کارە نانرێت، جا قسەکە لێرەدا ئێمە حەز دەکەین ئێوە سوود لەم شتەی ئێرە وەربگرن، کە بەیانی گەر دۆخەکان بۆ سەرکەوتن هاتە کایەوە و ئایندەش گەشەبینە لەو مەسەلانە، بەتایبەتی بۆ کورد، یانی ساز و ئامادەیەک کە ئەو تەجروبە خراپەی ئێرە نەکرێتەوە لەوێ؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** ئەوە زۆر تێبینییەکی باشە.

**لوقمان محەمەد:** من تەنانەت لەو کۆنگرەی kncیە، ئەو پرسیارەم کردەوە، بەڵام برادەران بە راستی هیچیان وەڵامێکی موقنیعیان نەدامەوە، وەڵامەکە تۆزێک قورسە گەرچی پرسیارەکە زۆر ئاسانە.. ئێستا دێینە سەر ئەوە، دنیا ئێستا لە دوای روخانی بلۆکی سوسیالیزم، کە هەندێک دەڵێن، بە ناو سۆسیالیزمە، هەندێکیش دەڵێن، سوسیالیزمە، بەڵام من بە هەر حاڵ تۆ یانی ئەوانیش لە کەلتووری مارکس و ئەنجلس ولینینیزم و ئەوانە سوودیان وەرگرتووە و ئەو بینایەیەیان دامەزراندووە، لەگەڵ روخانی ئەو بلۆکی سوسیالیزمە لە ئەورووپای شەرقی، دوایش لە چەندین شوێنی تردا، بڵێین هەنگاو هاتنە دواوەیەک دروست بوو لە ناو سوشیالیزم، یانی هاتنە دواوەیەک دروست بوو، پێداچوونەوەیەکیش دروست بوو، سەر لەبەر فکری مارکس، مارکس و لینین، هەموو ئەفکاری سوسیالیزم کەوتە بەر ئینتیقاد، جاری واش بوو رەخنەکان زۆر بەهێز بوون، بەتایبەتی لەلایەن شەپۆلەکانی لیبرالیزمەوە، ئێوە کە وەختێک، سەروەختێک بڵێین سەروکارتان لەگەڵ ئەم بزووتنەوە چەپانەیا هەبووە، مەسەلەن خۆتان بە رەوتێکی کۆمۆنیست زانیوە، لەگەڵ ئێستایا کە دێت، ئێوە هەستێکی وا دەکەن کە ئێستا ئەو تیۆر و ئەو نەزەرییانە و ئەو پایگاتیۆرییانەی ئەو شتانەی لەسەر دانراوە، ئەرزشێک، شتێکی مابێت کە بتوانێ ئیشی لەسەر بکات؟ ئەی ئەگەر هەیبوو، دەبێ چ کارکردێکی تری هەبێ، لە ناحیەی تیۆرییەوە چۆن خۆی پاکردبێتەوە و قاڵکردبێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ وەڵامی گیروگرفتەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بداتەوە لە پاش ئەزموونێکی تاڵ کە هەشتا ساڵ لە نیزامهایەکی سوسیالیستی، کە لە ئاستی پراکتیکیەوە بە راستی شەکەت و ماندوو بوو بوو لە زۆر وڵاتان، ئێوە نەزەرتان چییە بەرامبەر بەمە؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** پێم وایە، ئەو لایەنە مەنفی و سەلبییانەی کە لە ئەزمونی یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی شەرق و ئەوانەدا هاتە ئاراوە، یانی ناکارامە بوونی نیزامێکی کە ئەوان هێنایانە ئاراوە، ئیستیبدادیبوون و بوروکراتیکبوونی ئەو نیزامانە، کاریگەرییەکی وەهای هەبوو کە بە هەموو کاری پڕوپاگەندە و راگەیاندنی سەرمایەداری نەیاندەتوانی بیانبێت. بێجگە لە سەرەتاکانی چونکە دیارە سەرەتاکانی فەرقی دەکرد بۆ ماوەیەک، بەڵام زۆر زوو ئەزمونە لە جیاتی ئەوەی ببنە مۆتۆرێک کە پێشکەوتن بێننە ئاراوە لە دنیا، بوون بە بەشێکی نەخۆشی، ماندووی، پەککەوتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەموو ئەوانە کاریگەرییەکی زۆر مەنفی هەبووە، من ئەزمونە بە هەوڵێک دەزانم کە ئینسان لەسەدەی بیستەمدا بۆ ئازادی و بەختەوەری دای، تێشیدا سەرنەکەوت، نەخێر تێیدا سەرنەکەوت، سەرجەم ئەو ئەزموونە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە هەقە زۆر بە قووڵی، بە چاوێکی رەخنەگرانە دیراسە بکرێ و ئێمە خۆمان هەر وامان کردووە.

**لوقمان محەمەد:** هەندێک دەڵێن، لینین بمایە، ئەو تەجروبەیە تووشی شکستی نەدەبوو، هەندێک دەڵێن ئەگەر ئەوانە بە راستی و دروستی پەیڕەویان لە تیۆرەکانی مارکسی و مارکسیزم و کۆمۆنیزم و ئەنترناشنال بکردایە، تووشی ئەو

## ئەگەر کوردستان وەکو کۆمەڵگایەک بیەوێت کاریگەری باشی هەبێ بۆ دەوروبەری خۆی، جا با بڵێین بۆ بەشە عەرەبییەکەی عیراق و من واوەتریش دەچم بۆ بەشەکانی تری کوردستان و بۆ هەموو کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆی، دەبێ نیزامێکی باڵاتری کۆمەڵایەتی، قانونی، سیاسی و رۆشنبیری هەبێ

دنیادا بوویانە، ئەویش کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بەسەر تێگەیشتنی ئینسانی مۆدێرن، بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵناسی، تا رادەیەک فەلسەفی و ئابووریش داناوە و جێ دەستی دیارە تا بە ئێستاشەوە، پێم وایە تا زۆر سەردەمی دیکەش جێ دەستی ئەو دیار دەبێ و بیرەکانی ئەو سەرچاوەیەک دەبن بۆ دەوڵەمەند کردنی هزری مرۆڤایەتی، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، مارکس وەکو هەموو بیرمەندێکی تری مێژوو لە سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووداژیاوە، مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی، لەبەرئەوە قابیلی گۆڕان و قابیلی پێداچوونەوەیە، من بڕوام بە هیچ پێغەمبەرێکی

کۆنەپەرستانەوە نیە کە سەرمایەداری بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە.

**لوقمان محەمەد:** ئەوەی سەرمایەداری ئەمڕۆ مەیسەری دەکا بۆ ئینسان لە وڵاتێکی موتەمەدینا لەبەرنامەی لانی زۆر و لانی کەمەکەی کۆمۆنیزم زۆر زۆرتری پێ دەبەخشێ، هەمیشەش هەنگاو دەنێ بۆ ئەوەی زیاتریشی پێ ببەخشێ. ئا لێرەدایە تەنانەت وا سەیر دەکرێت لیبرالیزمیش ناتوانێ لەبەردەم قۆناغەکانی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە خۆی بگرێ.

**عەبدوڵای موهتەدی:** هەر وایە. هەموو ئینسانێک بەشێکی دیاریکراوی هەیە لە مێژوودا. لەو ماوەیەدا مەگەر بیری زۆر

کوردستان پێویستە گۆڕانکاری بەسەر بێت لە ئاست ئەو خەباتەی کە جاران لە دەیەی ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا دەکرا، هەڵبەتە ساڵنامەی میلادی دەڵێم، ئێوە زیاتر مێژووی کوردی بەکار دێنن، ئێمە زیاتر لەناو عێراقدا مێژووی میلادی بەکار دێنین، ئاراستە بەو گۆڕانکارییانە ئێوە چۆن خەباتی چەکداری دەبینن، یان مەسەلەی خەباتی جەماوەری و سیاسی، کامیان ئێستا ئەولەویەتی زیاترە لای ئێوە، لەچاو ئەو خەباتەی ئەم سەردەمە پیادا تێدەپەڕێ، کامیان گونجاوتر و لەبارتر و سولیقەدارترە بۆ ئێوە، بۆ ئەوەی بتوانن پرسی کورد لە رۆژهەڵاتدا بەدوا

نازانین، بەڵام لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان هێزی پێشمەرگەش بتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ وەکو بەشێکی تەواوکەر لە ئەم خەباتە سیاسی و جەماوەرییە.

**لوقمان محەمەد:** کۆتایی پرسیارمان ئەوەیە، کاک عەبدوڵڵا دەمانەوێ بزانین شکڵی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ ئەحزابی کوردی عێراق، لە کوردستانی باشووردا، چۆن چۆنیە، ئاراستەی سیاسیتان، شکڵدان بە سیاسەتی خۆتان بەرامبەربەم حزبانەوبە لەبەرچاوگرتنی خسووسیەتی ئەمان لە سیاسەتکردن بەرامبەر بە دەوروبەر و دەوڵەتانی دیکە و، نەوعە تێگەیشتنێک کە بەراستی لەم سیاسەتە هەستی پێکراوە لە لایەن

و مێژووی هەر کامەیان لەبەرچاو بگیرێ و بپارێزرێ و ڕێزی بۆ دابنرێ، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان کوردستان یەکی گرتەوە، مەسەلەکە دەبێتە شتێکی دیکە.

**لوقمان محەمەد:** گەر یەکیشی گرتەوە، دەبێ ئارەزوومەندانە و دیموکراسییانە بێ.

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بێگومان وایە، یەکگرتنەوەش دەبێ ئارەزوومەندانە و دیموکراسییانەبێو، تایبەتمەندییەکانی هەر کامیان وەختی خۆی بپارێزرێ و ڕێزی لێ بگیرێ. ئێمە لەگەڵ دوو حزبی سەرەکی کوردستانی باشوور کە بریتی بن لە پارتی و یەکێتی نێوانمان خۆشە، و لە هەوڵی ئەوەداین کە بیبەینە ئاستێکی باڵاتر و باشتریش و، لەگەڵ حزبەکانی تریش هەر نێوانمان خۆشە و دەمانەوێ لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندی نزیکمان هەبێ، ئەوەش بەو مانایە نیە کە جیاوازییەک لە بەرنامە و بیروباوەڕماندا نیە، بەڵام هەروەکو لە جێی تریش باسمانکرد، کوردستان بەو فرە چەشنی فیکری و سیاسییەوە جوانە و بەوەوە خۆشە و بەوەوە دەوڵەمەند دەبێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، جێی خۆیەتی کە وێڕای ڕێزگرتن لەم فرە چەشنییە، ڕێگەیەکیش بۆ هاوکاری و یەک هەڵوێستی لەسەر کێشەی نەتەوەیی کوردستان، لەسەر شتە ستراتیژیکیەکان بدۆزرێتەوە. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بۆ ئەوە ئامادەین، بۆ هاوکارییەکی فراوانی کوردستانی، لەگەڵ کوردستانی عێراق و لەگەڵ هەموو پارچەکان ئامادەین. دیارە پێمانوایە نزیکی و پەیوەندێکی تایبەتی لە نێوان کوردستانی عێراق و ئێراندا هەیە کە دەبێ حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ، دەبێ نزیکییەکی زۆر چڕ وپڕتر لە نێوان حزبەکانیدا، هی هەردووک بەشی ئەمدیو و ئەودیوی کوردستان بێتە ئاراوە، بەش بە حاڵی خۆمان بۆی ئامادەین. دەتوانم بڵێم ئەمە چۆنێتی نێوانی ئێمەیە لەگەڵ حزبەکانی کوردستانی باشوور. ئەو جێیەی کە ئەمەی لەبەرچاو نەگیراوە، مەسەلەن بۆ نموونە دەبینین کاتی خۆی بە داخەوە پ.ک.ک. ئەوەی لەبەرچاو نەگرت، یانی ئەم ئەسڵ و پرەنسیپەی لە بەرچاو نەگرت، ئەم تایبەتمەندییانەی لە بەرچاو نەگرت، دەستیکرد بە کاری ڕێکخستن لە جیاتی پارچەکانی تر. لەجیاتی ئەوەی بێ پشتیوانی بکا لە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی تر، هەوڵیدا بنکۆڵییان بکات و بەدیلیان بۆ درووست بکا، ئەمە غەیری شەڕی ناوخۆیی و بێجگە لە ناکۆکی و گرژی هیچی لێنەکەوتەوە، بۆیە پێموایە ئەم ئەزموونە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ و دەرسی لێوەربگیرێ.

**لوقمان محەمەد:** لە کۆتاییدا کاک عەبدوڵڵا زۆر سوپاست دەکەین، بەڕێزتان هەر قسەیەکتان هەیە، هەر ڕێنماییەکتان هەیە، هەر باسێکتان هەیە، حەز دەکەین، یان لە پرسیارەکان ئاراستەتان



## من کوردستان زۆرتر بە لەبارتر دەبینم بۆ گۆڕانێکی باش و ئیجابی، بۆ چاکسازی

دەردە نەدەبوون کە تووشیان هات، ئایا ئەمە چەندە راستیی تیایە ئەم قسانەیان لەئاستی پراکتیکا چ راستییەکی تێدایە؟

**عەبدوڵای موهتەدی:** من پێم وایە قەد مارکس ئاواتی بەو کۆمەڵگەیە نەدەخواست کە دوایی لە سەدەی بیستەمدا لە وڵاتی روسیا دامەزرا، بە ناوی نیزامی یەکێتی سۆڤێت یان نیزامی شوورەوی، بەتایبەت لە سەردەمی ستالین و ستالینیزمدا. راستە لە ژێر ئەو ناوەدا کراوە و لە روانگەی خۆیانەوە هەوڵ دراوە پیادە بکەن، بەڵام من پێم وابێ قەد مارکس ئاواتی بەوە نەخواستووە. من رۆحێک و روانگەیەکی زۆر ئازادیخوازانە و ئازادی بەخش دەبینم لە زۆرێک لە تیۆرییەکانی مارکسدا، هیۆمانیزم و مرۆڤ دۆستییەکی زۆر قووڵ دەبینم، من لە دیدی مارکسدا بڕوایەکی قووڵ بە مافەکانی ئینسان و بە رزگاری ئینسان لە دەست هەموو چەوسانەوە و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستییەک دەبینم. ئەوەی مارکس لە بواری کۆمەڵناسی و رەخنەی کۆمەڵایەتی هێنای، ئەو مەفهوم و چەمکانەی کە ئەو هێنای، ئەو روانگەیەی کە ئەو هێنای، تا ئێستاش رەوایی خۆیان لە دەست نەداوە، یانی تۆ ناتوانی مارکس و مەفهوومەکانی لە عیلمی کۆمەڵناسی دنیای ئەمڕۆ دەربهاوێی. ئەو تەئسیرێکی دیار و نادیاری وەهای داناوە، مۆرکێکی لەسەر هەموو فکرکردنەوە و بیری ئینسان داناوە، لە سەدەی نۆزە و بیستدا و بە ئێستاشەوە، کە ناتوانی لە هزۆی مرۆڤایەتی دەری بهاوێی. مارکس کاریگەرییەکی زۆر قووڵی هەیە، وەک چۆن مەسەلەن ئەرستۆ لە سەردەمی خۆی بووی، وەکو نەوابغی گەورە لە

سۆسیالیست نییە، سۆسیالیزم پێغەمبەری نییە، سۆسیالیزم مەرجەعی نەگۆڕی نییە، مەرجەعێکی نییە کە خۆی لە بەردەمی گۆڕانکارییەکانی مێژوودا بیمە کردبێ، بیری مارکس خۆی لەسەر ئەساسی گۆڕانە، تێزەکانی مارکس لەسەر ئەساسی گۆڕانن، گۆڕان لە ڕێگەی ئەقڵی رەخنەگر و پراکتیکی رەخنەگر و شۆڕشگێڕانەیە، روانین بۆ پێشەوە، ئیتر ئەم ئەسڵە پەیڕەو دەکا بەسەر خۆی مارکسیشدا.

**لوقمان محەمەد:** ئەو ئەسڵە سەرمایەداری خۆی پیادەی کرد قەد گەڕانەوە نییە بۆ دواوە لە مەسائیلی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، هەمیشە بۆ پێشەوەیە.

عەبدوڵای موهتەدی: جا ئەم ئەسڵە بەسەر مارکس و بیری مارکسیشدا پەیڕەو دەکرێ، یانی گۆڕان بەسەر ئەویشدا دێت، لەبەرئەوە فیکری نەگۆڕ نییە، بارودۆخی نەگۆڕ نییە، تیۆری نەگۆڕ لە دنیادا نییە، مەسەلەن یەکێک لەو شتانەی کە باسی دەکەن.. دەزانی ئێمە خۆمان بە وشەی کۆمۆنیزم پێناسە ناکەین، چونکە زۆر ئەزموونی هەڵە و ناڕەوا، هەم فیکری سەقەت و هەم ئەزموونی تاڵ و هەڵە هەیە لە دەیان ساڵ لەوەو پێشەوە، لە سەردەمی ستالینیزم و زاڵبوونی ستالینیزمەوە تا ئێستا هاتووە، ئێمە بەشێک لەوانە نین و نامانەوێ بەشێک لەوانە بین، بەڵام سوسیالیزم بە مانای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بە مانای رەخنەگرتن لەوەی ئێستا لە دونیادا هەیە، هێشتا جێی خۆی هەر هەیە. لەگەڵ ئەو شتەی فۆکۆیاماش نیم کە دەڵێ مێژوو کۆتایی پێهاتووە و لەوە چاکتر ناکرێ، نەخێر شتی وا نییە. لەبەرئەوە فیکرێکی رەخنەگر پێویستە، فیکرێکی رەخنەگر کە هەست بەوە دەکا مرۆڤایەتی دەتوانی زۆر لەوە باشتر بژی، دەتوانێ زۆر لەوە باڵاتر بێ، مرۆڤایەتی شیاوی جێگە و پێگەیەکی زۆر لەوە باڵاتر و باشترە کە ئێستا هەیەتی، لەبەر ئەوە رازی نییە بە هەموو ناکۆکییەکان و ناشیرینیەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ، فیکرێکی ئاوا و بزووتنەوەیەکی ئاوا پێویستییەکی کۆمەڵایەتیی ئینسانی سەردەمی ئێمەیە. ناشیەوێ بگەڕێتەوە بۆ دواوەو، رەخنەگریەکەی لەروانگەیەکی

تیژ بێ و زۆر لە روانگەی مێژووی فراوانەوە بڕوانێ، ئەگینا پێی وایە هەرچی سەردەمەکەی خۆی هەیە هەر ئەوە دەبینێ و بە هەتاهەتایی دەزانێ. بەڵام لە راستیدا زۆر فکر هاتوون بۆ سەدان ساڵ زاڵبوون لە دونیا، دوایش نەماون، لەبەرئەوە فیکری لیبرالیش یەکێک لەوانەیە و هەموو فیکرەکانیش لەبەردەم گۆڕاندان و هەر دەبێ لەبەردەم گۆڕانیشدا بن، بەڵام تۆ تەماشا بکە بە هەموو دەسکەوتەکانی تەمەدوونی ئەورۆوە دەزانین ئەو فەقیری وهەژارییە هەیە لە دونیادا، ئەو نابەرامبەری و نایەکسانییە هەیە، لە نێوان قات و قڕی ئەفریقیادا و نازو نیعمەتی وڵاتانی رۆژئاواییدا، ئەو ستەمکارییە هەیە

ئاکاری خۆیدا بگەیێنن؟

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** شکڵ و شێوەی خەبات شتێکە بەستراوەتەوە بە قۆناغ و بە سەردەم و بە تەرازووی هێزەکان و، قابیلی گۆڕانە. ئامانج هەر لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام شکڵ و شێوەی خەبات بە گوێرەی سەردەم دەگۆڕێ. ئێمە پێمانوایە شکڵی سەرەکی خەبات لە ئێستای کوردستانی ئێراندا، خەباتی سیاسی و جەماوەرییە، خەباتی هوشیارکردنەوە و ڕێکخستنە، خەباتی رۆشنبیرییە و خۆشمان ئەهمیەتی پلە یەک دەدەینە ئەوە و ساڵەهایە لەو بوارەدا کار دەکەین و پێشکەوتنی چاکیشمان بەدەستهێناوە.هەروەکو دیاریشە ئێمە ئێستا کاری خەباتی

هەموو حزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات، کە یانی دەیانەوێ بە باشترین دەرەجە پەیوەندییەکان رابگرن و، بە لەبەرچاوگرتنی توانای ئەمان و قورسایی توانای ئەمان لە بەرامبەر دەوروبەردا کە فشاریان هەیە، ئێوە ئاراستە بەو پەیوەندییەکانتان چۆن گرێداوە و چۆن دەبینن لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی عێراقدا؟

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** پێشەکی بڵێم کە ئێمە حزبێکی کوردستانین و دیارە خوازیاری پەیوەندی زۆر گەرم و گوڕ و هاوکاری و نزیکایەتی لەگەڵ هەموو حزبە کوردستانییە رەسەنەکانین، بەڵام ئێمە حزبێکی کوردستانین کە لە کوردستانی رۆژهەڵات کار و چالاکی دەکەین، یانی

# لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان هێزی پێشمەرگەش بتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ وەکو بەشێکی تەواوکەر لە ئەم خەباتە سیاسی و جەماوەرییە

بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا، ئەو بێ مافی ژنان هەیە لە ئاستێکی بەرین لە دنیادا، ئەوهەموودەوڵەتەئیستیبدادیە، دیکتاتۆریە، کۆنەپەرستە هەن، ئەو هەموو سانسۆرە هەیە، هێشتا ئەشکەنجە هەیە لە دنیادا، بۆ دەبێ ئینسان بە وانە رازی بێ؟ بۆ پێی وابێ ئەمە کۆتایی مێژووە و لەوە چاکتر ناکرێ؟ ئەگەر نەوەکانی پێش ئێمەش ئاوەهایان بیر بکردایەتەوە، هەوڵیان بۆ هیچ نەدەدا و ئێمە نەدەگەیشتین بە ئێرە، لەبەرئەوە ئازادی جارێ زۆر سنووری ماوە بیشکێنێ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی جارێ زۆری ماوە وەدی بێ لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا، کەی و چۆن وەدی دێ.. لەسەر تێگەیشتن و پراکتیکی مرۆڤەکان کەوتووە.

**لوقمان محەمەد:** ئێستا دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، گۆڕانێکی قووڵیش لەسەر مەسائیلی شۆڕشگێڕێتی و شێوەی خەبات و جموجوڵی رزگاریخوازیدا هاتووە لەسەر دنیادا، ئایا ئێوە ئاراستە بەو گۆڕانکارییانەی دنیا، یانی هەستتان بەوە کردووە کە پێویستە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لەناو رۆژهەڵاتی

چەکداری، وەکو عەمەلیاتی پێشمەرگانە، بەڕێوە نابەین لە کوردستانی ئێران، ئەم چەند ساڵە بەرێوەمان نەبردووە، بەڵام راگرتنی هێزی پێشمەرگە و کەڵک وەرگرتنی بۆ هەندێ کاری سیاسی و ڕێکخستن و کاری بردنە سەری ورەی خەباتکارانەی خەڵک و، هوشیاری بەخشین و ئەوانە، جێی خۆی هەیە. دەتوانم بڵێم کە تا وەختێک دیکتاتۆری لە تاران مابێ و تا وەختێک دوژمن نەهاتبێ بۆ مەیدانی خەباتێکی سیاسی و دیموکراسی، بۆچی دەبێ خەڵکی کورد خۆیان چەککەن؟ لەبەرئەوە وەکو پرەنسیپ بە بڕوای من دەبێ ئەو مافە بۆ خۆیان راگرن و، ئەو توانائییە لە خۆیاندا راگرن کە هێزی پێشمەرگە و شکڵی خەباتی چەکدارییان هەبێت، وەکو وەستانەوە و بەرەنگاربوونەوەیەکی بەرحەق لە بەرامبەر زۆرداری و دیکتاتۆریدا، بەڵام ئێستا شکڵی خەباتی سیاسی و جەماوەری، شکڵی سەرەکییە، کاتی خۆی ئایا ئەم خەباتە دەکێشێتە راپەڕینێک لە کوردستان یان هەستانێک لە هەموو ئێران، یا هۆکارێکی دەرەکی و نێونەتەوەییش دێتە ئاراوە، ئەوە جارێ

جوگرافیای چالاکی سیاسیمان ئەوێیە. ئێمە لە پارچەکانی تری کوردستان نە ڕێکخستن ساز دەکەین، نە بەدیل دروست دەکەین بەرامبەر بە حزبەکانی تر، نە خۆ لە ئیشوکاری ناوخۆییان هەڵدەقورتێنین. ئەرکی خۆمان بەوە دەزانین کە سەرجەم و بە شێوەیەکی گشتی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لەو پارچانە و لە بزووتنەوە رەواکەی پشتیوانی بکەین، پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ هەموو حزب و لایەنەکان هەبێ و، بەگشتی پشتیوانی لە داخوازی ئەوان و لە خەباتی ئەوان بکەین، لە هەمان کاتدا هەر تێبینی و رەخنە و دید و بۆچوونێکیشمان هەبێت بە هەقی خۆمانی دەزانین کە باسی بکەین و پێشمانوایە هەر دڵسۆزانە لێمان وەردەگرن. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە و بە بڕوای ئێمە دەبێ ڕاستبێ. پێمانوایە حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان هەقە نە کاری ڕێکخستن بکەن و نە بەدیل دروست بکەن بۆ کوردستانی ئێران. ئێمە ئەم ڕێگەیە بە شێوەی گونجاو دەزانین، یانی وەختێک کوردستان لەو چوار پارچەدا دەژی، دەبێ تایبەتمەندییەکانی

نەکرابێ، یان حەز دەکەن جەختی لێبکەن.

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** پێمخۆشە داوایەک بکەم لە کۆتاییدا لە میدیا و رۆژنامەی کوردستانی باشوور کە زۆرتر بپەرژێتە سەر کێشە و گرفتەکانی کوردستانی رۆژهەڵات. پێموایە کوردستانی رۆژهەڵات بەشێکی گرنگی کوردستانە، ژمارەی دانیشتوانێکی زۆری هەیە، لانیکەم دە ملیۆن دەبن، بە فەرهەنگ و پێشکەوتنێکی باشەوە، دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەر ببینن لە چارەنووسی داهاتووی کوردستاندا، بەڵام ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ دنیا نەناسراون، بۆیە من هیوام ئەوەیە کە هەوڵبدرێ لێرەشەوە ئەو مەسەلە باشتر بناسێندرێ، ئەمە یەک. تا ئەو جێیەش دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەکو حزبێکی کوردستانی ئێران، وەکو کۆمەڵەش، پێمخۆشە کە نزیکی زۆرتر بکرێ، دیالۆگێکی راستەوخۆ و لە نزیکەوە بکرێ لە پێناو ئەوەیدا کە بتوانین راستییەکان باشتر بناسین و باشتر لە یەکتری بگەین.

**لوقمان محەمەد:** زۆر زۆر سوپاست دەکەین.